تیاچوون بۆ ئەو کەسەی کە درۆ دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی پێی پێبکەنن، تیا بچێت، تیا بچێت

لە موعاویەی کوڕی حەیدە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «تیاچوون بۆ ئەو کەسەی کە درۆ دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی پێی پێبکەنن، تیا بچێت، تیا بچێت».

[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە هەڕەشەیەکی توندی تێدایە لەسەر ئەوانەی کە درۆ دەکەن بۆ ئەوەی گاڵتە بکەن وخەڵکی پێبکەنێت، ولە ناشیرینترین کردەوەکانە، وبۆیە هەڕەشەیەکی توند هاتووە لەسەر حەرامکردنی چونکە لە ڕەوشتە ناشیرین وقێزەوەنەکانە کە پێویستە مسوڵمان خۆی لێ بەدوور بگرێت، ولێی دوور بکەوێتەوە وزمانی پاک بکاتەوە لە درۆ کردن لە هەموو کات وحاڵەتێک، مەگەر چەند حاڵەتێکی دیاریکراو نەبێت کە شەریعەت ڕێگەی پێداوە. هەروەکو چۆن وتنی قسەی درۆ حەرامکراوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێبکەنێت وگاڵتە بکات؛ بە هەمان شێوە حەرامە لەسەر ئەوانەی دانیشتوون لەگەڵی گوێی لێی بگرن ئەگەر بزانن قسەکەی درۆیە وپێویستە ئینکاری لێبکەن وئەگەر کرا دانیشتنەکە جێبهێڵن، لە دەقی فەرموودەکەدا وشەی (ویل) هاتووە کە بە واتای تیاچوون دێت وهەروەها ووتراوە (ناوی دۆڵێکە لە دۆڵەکانی دۆزەخ).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5519